# غوربەت و خەونە سپیەکانی تەمەن

خولیا حسێن



غوربەت
کوشتنی خەونە جوانەکانی مندالّی و
هەڵوەرینی پەرەکانی گوڵ و
حەزە سپەکانی هەرزەیی و
لە گۆرنانی ئومێدە رەنگاڵەییەکانی لاوێتییە .
غوربەت
باڵا کردنی حەسرەتەکانی دیدار و
پچر پچرکردنی نۆتەکانی قاقاو
برینی لیوەکانی خەندە و
پساندنی ملوانکەکانی بەختیاریە .
غوربەت
ئەتك کردنی قژە/ خاوە, شەپۆلاویە ,لوولە, زەردە, خورماییە, رەشە,
سپییە , ئەفسووناویەکەی خۆشەویستیە .
باڵا کردنی حەسرەتەکانی دیدار و
هەڵدانی پێکی تەنیایی و
تلانەوە لە قووڵایی خودی خۆت و
لەیەك ترازاندنی پەیوەندیە جوانەکان و
بەستانی هەستە گەرم گەرمەکانی مرۆڤە .
نازانم, نە من لە کەناری لماوی رووباری غوربەت
چەتری تەنیایم هەڵداوە
نە غوربەت لە رۆحی مندا کۆچ و باری خۆی داناوە ؟
بەس دەزانم منیش لە بوونی بتۆرێم ,
ئەو هەواری ناخی خەماویم چۆڵ ناکا ,
چونکە نە من رێکەوت فرێیداومەتە لێوی رووباری ئەو و
نە ئەویش وەك پوش و پەڵاش لە چەپەری دڵم وەستا.
لەو رۆژەوەی ئاسکە سرکەکانی
گومانە سپیە بەفرینیەکانی
نێو دۆڵە سەوزەکانی ئەندێشەم

بوونە پرسیار .
لەو رۆژەوەی روخساری راستەقینەی خۆم
لە ئاوێنەی چاوەکانی دایکم بینی و
وەڵامی پرسیارەکانی خۆم دایەوە ..
لەو رۆژەوەی
خاڵەکانی جیاگردنەوەی نێوان ناوی خۆم و خۆتم..
لە نووسینەوەی چیرۆکە سپیەکانی بەیانیدا رەشکردەوە ..
لەو رۆژەوەی
تارای شەرمم لە سەر روخساری شار لادا و
باڵای درەختە رووتەکانم رازاندەوە
بە لاولاوەی خەونی ئەو کچ و کورانەی لە چاوەروانی
چارەنوسێکی نەهاتوو..
هەزاران خەتمی سەودایی
لە سەر دیواری رۆحی
برینداریان دەنووسنەوە .
ئای چەند بەختەوەر بووم ئەورۆژانەی
کە لە نێو گەرووی تاریکیدا
گۆرانیم بۆ هەتاو دەچری و
لە تیشکە دزراوەکانی
ملوانکەی ئومێدەکانم دەهۆنیەوە..
ئەورۆژەی قەفەسی ماچە حەرمکراوەکانم شکاند
شڵپ و هۆری لێوی عەشقە تامەزرۆکان
شوورەی شەرمی هەڵچنراوی
نێوحەسارەکانی روخاند..
ئەو ساتەبوو پەتی ئارامی خوا پسا
دەروێشەکان حاڵیان گرت و
لە داخی ئابرووی تکاویان کەوتنە قیژەو
دوعای مەرگی من و هەموو
عاشقەکانیان
بە گوێی خوادا چرپاند .

لەو ساتە وە
غوربەت  بوو بە ماڵی خەم و   ..
 بە کەڤالێ هەڵواسراوی هیواکانم
غوربەت بوو بە خەونی سپی و
 بە بوخچەی پر لە  ئەستێرەی یادەکانم .

مەی 2006/ کەنەدا